

### دۆلفینەکەی دووکان داهاتوویەکی گەش چاوەڕوانی دەکات

# شوان جاف: دەمەوێ وەک مایکل فیلیپس ببمە پاڵەوانی جیهان و ئاڵای کوردستان بەرز بکەمەوە

**گەورە مەلەوانی بە تەمەن منداڵ (شوان جاف) کە بە دۆلفینەکەی دووکان ناسراوە، لە دیدارێکی تایبەتدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان، باسی خەون و ئاواتەکانی دەکات و جەختیش لەوە دەکاتەوە کە دەیەوێ ریکۆردە جیهانییەکانی وەرزشی مەلەوانی لە ئاستی دنیادا بشکێنێ و ئاڵای کوردستان لە کێبڕکێ و پاڵەوانیەتییەکانی جیهاندا بەرز بکاتەوە.**

*** خـۆت بە خوێنەرانـــی گۆڤاری گـــوڵان چۆن دەناسێنیی؟**

- من ناوم (عەلی ڕەزا)یە و بە شـــوان جاف ناسراوم. لە خانەوادەیەکی نیشـــتمانپەروەری کوردم و لە ٦-١-٢٠٠٥ لە شـــاری بەغدا لەدایکبووم. باوکم وەرزشوان بووە و لە ئاســـتی پاڵەوانێتی لە وەرزشـــی زۆرانبازی و جۆدۆ چەندین مەدالیای لە ئاســـتی وڵات و ئاسیا بەدەســـتهێناوە. باوکم هەمیشـــە پشـــت و پەنام بووە. خۆی بۆمی دەگێڕێتەوە و دەڵێت: کاتێك تەمەنم ســـێ مانـــگان بووە، بەردەوام حەزم لە مەلەی ناو ئاو کردووە و بە حەوزی مەلەی ناوماڵی خۆمان ئارام دەبوومەوە. بۆیـــە لەو کاتەوە باوکم بەردەوام ڕاهێنانی پێکردووم. لە تەمەنی دووســـاڵان بەبێ پشتیوانی باوکم دەستگرتنی ڕاهێنەر، لە ناو مەلەوانگەکان مەلەم کردووە.

*** تا ئێســـتا لە چ پاڵەوانێتییەك بەشداریت کردووە و چەند مەدالیات وەرگرتووە؟**

- لە تەمەنی حەوت ســـاڵان بەشداریم لە پاڵەوانێتی ژێر تەمەن هەشـــت ساڵی یانەکانی عێراق کرد و پلەی یەکەمم بەدەســـتهێنا. دەیان مەدالیاشم لە سەر ئاستی عێراق و کوردســـتان بە پلەی یەکەم وەرگرتووە، ساڵی ٢٠١٢ لە شـــۆیفاتی نێودەوڵەتی کـــە ٢٩ دەوڵەت تیا بەشـــدار بوو لە دوبەی پلەی پێنجەمم بەدەستهێنا. ئەو کات کەسم نەدەناسی باوکیشم لەگەڵم نەهاتبوو. یەکەم ئەزموونـــم بوو، دەنا دەمتوانـــی هەر ئەو کاتیش پلەی بەرزتر بەدەســـت بێنم. بەڵام ئەزموونێکی باش بوو بۆ من، تا بتوانم زیاتر پشـــت بە تواناکانی خۆم ببەستم. تەمەنم هەشت ســـاڵ بوو ساڵی ٢٠١٣ لە پاڵەوانیەتی گەنجانی ژێر تەمەن ١٦ ســـاڵ لە دهۆك بەشـــداریم کرد و پلەی ســـێهەمم بەدەست هێنا. ساڵی ٢٠١٤ لە پاڵەوانیەتی ژێر تەمەن ١٦ ســـاڵ لە هەولێر بەشداریم

کرد لە ٢٥ مەتری ئازاد، باسکەمەلە، سینگەمەلە، پشتەمەلە، پەپولە و لە ١٠٠ مەتری ئازاد پلەی یەکەمم هێنا و بە کۆی گشتی وەك باشترین مەلەوانی هەولێر دەستنیشان کراوم. لەوەش دڵنیام کە لە تەمەنی خۆمدا لە ئاستی جیهان رکابەرم نییە، ئەگەر بتوانم راهێنەری جیهانیم هەبێت.

*** تا ئێستا لەگەڵ چ یانەیەکی بەناوبانگ گرێبەستت کردووە؟**

- داوای گرێبەستیان کردووە، بەڵام من نەمتوانیوە تا ئێستا قبووڵی بکەم. بۆ نموونە یەکێتی مەلەوانی ئیمارات داوای کردووە لە یانەکانی ئیمارات بەشدار بم. هەروەها یانەیەکی کەنەدی پێشنیاری گرێبەستی کرد و ئامادەیی ئەوەشیان دەربڕی کە هەموو خەرجی خوێندنیشم لە ئەستۆ بگرن.

*** زیاتر بە کام پاڵەوانی مەلەوان سەرسامی و بەرنامەت بۆ داهاتوو چییە؟**

- مایکل فیلیپس پاڵەوانی جیهانە و گەورە مەلەوانی دنیایە، زۆر پێی سەرسامم، منیش دەمەوێ وەك مایکل فیلیپس ببمە پاڵەوانی جیهان و ئاڵای کوردستان بەرز بکەمەوە.

*** دۆلفینەکەی دووکان چۆن بوو بە نازناوی تۆ؟**

- من دانیشتووی شاری هەولێرم، بەڵام ماوەی دوو ساڵە هاوینان تا کردنەوەی قوتابخانە هەر لە دووکان دەمێنمەوە و خزمێکمان کە بەلەمی هەیە زۆر یارمەتیم دەدات. تەواوی هاوین لەوێ سەرقاڵی مەشقم. وامکردووە ئێستا لە مەلەی ژێر ئاو بە بێ هەناسەدان کەس نەتوانێ لە ئاستی عێراق و کوردستان ریکۆردم بشکێنێ. ئیتر خەڵکی شارەکە ئەو ناوەیان لە من ناوە و پێمدەڵێن: دۆلفینەکەی دووکان.

*** دواکاریت چییە وەك دوا وتەت دەتەوێ باسی چی بکەی؟**

- داواکارم ئاسانکاریم بۆ بکەن تا بتوانم هاوینان لە دووکان بمێنمەوە و نەبمە ئەرك بۆ خزمان، ئاواتیشم ئەوەیە لە خولەکانی دەرەوەی وڵات و لە لای راهێنەرانی جیهانی مەشق بکەم. لە کۆتاییدا زۆر سوپاسی بەڕێز کاك نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان دەکەم، کە هەموو تێچووی خوێندنی بۆم دابین کردووە و ئێستا پۆلی پێنجم لە قوتابخانەی نێودەوڵەتی شۆیفات. جەنابیان هەمیشە بۆ هەموو منداڵانی نوخبەی وڵاتەکەمان پشتیوان بوون و هیوادارم ئێمەش بتوانین خزمەتی وڵاتی خۆمان بکەین.

**لە تەمەنی حەوت ساڵان بەشداریم لە پاڵەوانێتی ژێر تەمەن هەشت ساڵی یانەکانی عێراق کرد و پلەی یەکەمم بەدەستهێنا. دەیان مەدالیاشم لە سەر ئاستی عێراق و کوردستان بە پلەی یەکەم وەرگرتووە**



# مان یونایتد چاوی لەسەر جیرارد پیکێ داناوە




راپۆرتە رۆژنامەییە وەرزشییەکان دووپاتیانکردەوە بەڕێوەبەری هونەری مان یونایتد لویس ڤانگال کۆشش دەکات بۆ بەدەستهێنانی تواناکانی بەرگریکاری ئیسپانی و یانەی بەرشەلۆنە جیرارد پیکێ.

رۆژنامەی ئێسـی ئیسـپانی بڵاویکردۆتـەوە یانەی شەیتانە سوورەکان زانیویانە کە پیکی هەست دەکات لەم ماوەی دواییدا لە ریزی تیپەکەی پێگەی لاواز بووە بەتایبەت دوای ئەوەی بۆ ماوەیەکی درێژە لەسەر کورسی یەدەگ دانیشـتووە، هەروەها راپۆرتە رۆژنامەییەکان ئاماژەیان بۆکردووە کە پیکی یانەی مان یونایتد باش دەناسـێت، چونکە ماوەیەك بەشێوەی خواستن یاری بۆ شەیتانە سـورەکان کردووە بەر لـەوەی بگەڕێتەوە بەرشـەلۆنە و ببێتـە یەکێك لـە کۆڵەگە پتەوەکانی تیپەکەی، بەڵام لەئێسـتادا ئاستی دابەزیوە.

شـایەنی وتنە یانەی شەیتانە سوووڕەکانیش لە ئێستا بەدەست نەبوونی یاریزانێکی پتەوی هێڵی دواوە دەناڵێنێت و ئـەوەش بۆتە خاڵێکی لاوازی تیپەکە، بۆیە یانـەی ناوبراو بیری لەوە کردۆتەوە ئەو بەرگریکارە ئیسـپانییە لەماوەی گواستنەوەی زستانە لەداهاتوو یاخود زامنکردنی بەدەستهێنانی تواناکانی لە وەرزی گواستنەوەی هاوینی داهاتوو بۆ ریزی تیپەکەی ببات.

# ریال مەدرید هەوڵی کڕینی ڕۆبن ڤان پێرسی دەدات

ڕاپۆرتە وەرزشییەکانی ڕۆژنامەکان دووپاتیان کردەوە یانەی ریال مەدرید کۆشش دەکات بۆ قۆستنەوەی کێشەی یانەی مانچستەر یونایتد لەپێناو بەدەست هێنانی تواناکانی یاریزانی هۆلەندی ڕۆبین ڤان پێرسی. لەمبارەیەوە ڕۆژنامەی ئێس ی ئیسپانی بڵاویکردەوە پێرسی خۆشحاڵ نییە بەتایبەت لەئێستادا بەهۆی هاتنی پڵنگی کۆلۆمبی رادیمیل فالکاو کە بژاردەیەکی گرنگی لویس ڤان گالی ڕاهێنەرە، هەروەها ڕۆژنامەی ناوبراو ئاماژەی بەوە کردووە کە پەیوەندی یاریزانی ناوبراویان بە یانەی ریال مەدرید بۆ وەرزی هاوینی رابردوو گەڕاندۆتەوە، بەڵام بەهۆی ئاست نزمی کەریم بنزیمە وایکردووە یانەی شەیتانە سوورەکان چاو بەم بیرۆکەیە بخشێنێتەوە، جێگەی باسە یانەی بەرشەلۆنەش کۆششی کردبوو بۆ بە دەست هێنانی تواناکانی ڤان پێرسی، بەڵام یاریزانی ناوبراو ئارەزووکردنی خۆی بۆ یاری لەگەڵ ریال مەدرید ڕاگەیاندبوو، بۆیە ئەگەری ئەوە زیاترە کە ریال لە بەدەستهێنانی ئەو یاریزانە بۆ ریزی تیپەکەی سەرکەوتووتر بێت.



## پلگرینی دوودڵ نییە لە ئاستی یانەی مانچستەر سیتی

ڕاهێنەری یانەی مانچستەر ستی ئینگلیزی مانویل پلگرینی چیلی ڕایگەیاند: هەرچەندە تیپەکەم لەچوار یاری رابردوو هیچ سەرکەوتنێکی بەدەست نەهێناوە، بەڵام لە دڵەڕاوکێدا نیم بەرامبەر ئاستی تیپەکەم.

تۆری سکای سپۆرت لە زاری پلگرینی بڵاویکردەوە کە دەڵێت: تیپەکەمان چانس یاوەری نەبووە لەبەدەستهێنانی سەرکەوتن لە چوار یاری رابردوو، بەڵام من لە دڵەڕاوکێدا نیم، چونکە تیپەکەم بەخراپ یاری ناکات.

پلگرینی وتیشی: یاریەکی جوانمان بەرامبەر هەریەك لە ئەرسناڵ و چێلسی ئەنجامدا، بەڵام لە بەرامبەر بایرن میونشن بە درێژایی نەوەد خولەکەکە یارییەکی باشمان نەکرد، چونکە ئەو یانە ئەڵمانییە رکابەرێکی بەهێز و بەتوانایە و یارییەکەش لە دەرەوەی یاریگەی خۆمان بوو.






# باسکەی دهۆک پشت بە یاریزانانی لاو دەبەستێ

هەر چەندە یانەی وەرزشی دهۆك لە وەزری رابردوو نەیتوانی نازناوی خولەکە بەدەست بهێنێت، بەڵام لەم وەرزەدا هەموو ئاواتی یانەکە بەدەستهێنانی نازناوی خولەکەیە و لە هەوڵی ئەوەدایە بە هێنانی راهێنەرێکی لاو تیپێکی گەنجانە دروست بکات، بۆ ئەم مەبەستەش دەستەی کارگێڕیی یانەکە بە فەرمی گرێبەستیان لەگەڵ راهێنەری لاو محەمەد فازل مۆرکرد بۆ سەرپەرشتی کردنی تیپی تۆپی باسکەی خولی نایابی یانەکانی کوردستان.

لەبارەی دەستنیشانکردنی ئەم راهێنەرەش محەمەد عەلی لە راگەیاندنی یانەی وەرزشیی دهۆك بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەمساڵ دەمانەوێ تیپێکی بەهێز بۆ خولی باسکەی کوردستان دەستنیشان بکەین بۆ سەرپەرشتیکردنی مەشقی یانەکەش دەستەی کارگێڕیی یانەی وەرزشیی دهۆك بەفەرمی گرێبەستی لەگەڵ محەمەد فازل مۆرکردووە بۆ ئەوەی لە وەرزی نوێ سەرپەرشتی مەشقی یانەکە بکات و تیپێکی لاوانە دروست بکات بۆ چوونە نێو کێبڕکێیەکانی خولی نایابی باسکەی کوردستان، لەئێستاشدا لە هەوڵی کۆکردنەوەی ژمارەیەك لە یاریزانانی لاوە بۆ تیپەکە تا بتوانێ بەم یاریزانانە ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنین و نازناوی خولی کوردستانیش بگەڕێنینەوە شارەکە، وەکو دەستەی کارگێڕیی یانەکەش بەهەموو شێوەیەك لە پشتگیری دەبین بۆ دەستنیشان کردنی پێکهاتەیەکی بەهێز لە وەرزی نوێ.



# ئارارات بووە پاڵەوانی وشوکۆنفۆی هەولێر



بەمەبەستی ئامادەکارییەکانی یانەکان و یاریزانانی شاری هەولێر بۆ پاڵەوانێتیی وشوکۆنفۆی وڵاتی تورکیا، هەڵبژاردەی وشوکۆنفۆی هەولێر وەکو یەکێك لە تیپە بەشداربووەکانی پاڵەوانێتییەکە بەشدار دەبێت.

یەکێتیی لقی هەولێری وشوکۆنفۆ بە ئامانجی زیاتر گرنگیدان بە یارییەکە و خزمەتکردنی زیاتری و دەستنیشانکردنی هەڵبژاردەی وشوکۆنفۆی شاری هەولێر بۆ ماوەی دوو رۆژ لە هاوینە هەواری پیرمام پاڵەوانێتیی وشو کۆنفۆی یانەکانی شاری هەولێر و دەوروبەری ئەنجامدا. لە پاڵەوانێتییەکەشدا هەریەك لە یانەکانی ئارارات و کۆیە و پێشکەوتن و شەقڵاوە لە ئاستی پێشکەوتووان بۆ ماوەی دوو رۆژ کێبڕکێیان کرد. لە بارەی پاڵەوانێتییەکەش زەندی جەبار سەرۆکی لقی هەولێری یەکێتیی وشوکۆنفۆ بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «مەبەست لە ئەنجامدانی ئەم پاڵەوانێتییە بۆ دەستنیشانکردنی یاریزانان بوو بۆ هەڵبژاردەی هەولێر بۆ بەشداریکردن لە پاڵەوانێتیی تورکیا، چوار یانەی شاری هەولێر و دەوروبەری بەشدارییان کرد بۆ ماوەی دوو رۆژ لە کێشەکانی (٤٠کگم تاکو ٩٠کگم) لە ئاستی پێشکەوتووان، یارییەکانیش لە هۆڵی یانەی ئارارات لە پیرمام بەڕێوەچوو، لە پاڵەوانێتییەکەشدا کوڕە یاریزانانی یانەکانی بەشداربوو لەسەرئاستی یانەکان توانییان ئاستێکی بەرزی یاری وشوکۆنفۆ پێشکەش بکەن و ژمارەیەك یاریزانیش دەستنیشان کران بۆ ریزی هەڵبژاردەی هەولێر بۆ بەشداریکردنی لە پاڵەوانێتییەکەی وڵاتی تورکیا، ئەنجامی کۆتاییش بەم شێوەیە بوو.

١- یانەی ئارارات
٢- یانەی کۆیە
٣- یانەی شەقڵاوە

# ئەمڕۆ یاریزانانی کورد لە تورکیا بەشداریی پاڵەوانێتییەکی تێنس دەکەن

بڕیارە ئەمڕۆ دووشەممە ژمارەیەك یاریزانی تێنسی سەرمێزی یانەکانی شاری هەولێر بەشداری لە پاڵەوانێتییەکی کراوەی تێنسی سەرمێز بکەن لە ژێر ناوی پاڵەوانێتیی ئەنتالیای کراوە کە لە شیلەی ئەستەنبول بەڕێوە دەچێت. لەم پاڵەوانێتییە ژمارەیەك لە یاریزانانی تۆپی تێنسی سەرمێز لە شاری هەولێر لەسەر ئەرکی خۆیان بڕیاری بەشداریکردنیان داوە بە ئامانجی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە کە ساڵانە ژمارەیەکی زۆر لە یاریزانانی وڵاتانی جیهانی بەشداری لە پاڵەوانێتییەکە دەکەن.

سەردار عەبدولخالق قەساب سکرتێری یەکێتیی ناوەندی لقی هەولێری تێنسی سەرمێز، لە بارەی بەشداریکردنی شاندی شاری هەولێر لەم پاڵەوانێتییەدا بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: « ئێمە وەکو شاندی شاری هەولێر بە بەشداریی زیاتر لە ١٠ یاریزان لە ئاستە جیاوازەکان بڕیاری ئەوەمان داوە لەسەر ئەرك و خەرجیی خۆمان لە شاری ئەستەنبول بەشداری لە پاڵەوانێتیی شیلەی کراوەی نێودەوڵەتی بکەین وەکو هیواو حەزێکمان بۆ ئەم یارییە، یارییەکانیش بڕیارە ئەمڕۆ دووشەممە دەست پێبکات و تاکو ڕۆژی ٥ی مانگی داهاتوو بەردەوام دەبێت، ڕۆژانەش مەشق و ئامادەکاریی تایبەتمان کردووە بە ئامانجی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لەم پاڵەوانێتییەدا»، گوتیشی: «تاکو ئێستا هیچ کەسێك هاوکاریی ئێمەی نەکردووە و هەموومان لەسەر گیرفانی خۆمان بەشداری دەکەین و لە مانگی حوزەیرانی ڕابردووش بەشداریمان کردو توانیمان پلەی یەکەم بەدەست بهێنین، ئەم جارەش چاومان لە ئەنجامی گەورەیە بۆ شاری هەولێر، چونکە خاوەن ژمارەیەك یاریزانی بەتواناین لەسەر ئاستی کوردستان.





# مەریوان محەمەد بووە ڕاهێنەری گۆڵپارێزەکانی یانەی نەورۆز

بەمەبەستی بەهێزکردنی ئاستی توانای گۆڵپارێزەکانی و بە ئامانجی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لە وەرزی نوێی خولی نایابی یانەکانی کوردستان کە بڕیارە یارییەکانی لە ئایندەیەکی نزیکدا بەڕێوەبچێت، ئەمساڵیش یانەی نەورۆز ماوەیەکی زۆرە دەستی بە ئامادەکارییەکانی کردووە بۆ ئەوەی لە وەرزی نوێ بتوانێ کێبڕکێ لەگەڵ یانە گەورەکانی خولی نایابی کوردستان بکات، لە ئێستاشدا دەستەی کارگێڕیی یانەی نەورۆز لەسەر داوای ئەرسەلان جەلالی ڕاهێنەری یانەکە بەفەرمی ڕاهێنەرێکی بۆ گۆڵپارێزەکانی یانەکەی دەستنیشان کرد، لە بارەی دەستنیشانکردنی ئەم ڕاهێنەرە و هێنانی دوو گۆڵپارێز بۆ ڕیزی یانەی نەورۆز، ئەرسەلان جەلال ڕاهێنەری تیپی تۆپی پێی یانەی نەورۆز بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «هێنانی مەریوان محەمەدی ڕاهێنەر کە پێشووتر لە گۆڵپارێزەکانی یانەکەمان بووە، لەسەر داوای من بووە، ئەویش پێشتر لە یانەی نەورۆز ماوەیەکی زۆر خزمەتی کردووە، ئێمەش پێمان باش بوو هەر ئەو بێت باشترە، چونکە شارەزاییەکی تەواوی لەسەر یانەی نەورۆز هەیە، گوتیشی: «ئەومان سەرپشك کردووە لەوەی کە کێ دەکاتە گۆڵچیی یانەکە و لەگەڵ هاتنی ئەویش دوو گۆڵپارێزی هێناوە لەگەڵ دانەیەکی خۆشمان ئێستا خاوەنی سێ گۆڵپارێزین، مامۆستا مەریوانیش وەکو ڕاهێنەری گۆڵپارێزەکانی یانەکەمان سەرپشکە لە مەشق و یاری پێکردنی گۆڵپارێزەکان (بەڵێن سالح)لە سیروانی نوێ (بیلال کەمال)لە یانەی سەیدسادق لەگەڵ (ئیسماعیل ئەحمەد) کە پێشتریش لە یانەکەمان بوون».

لە بارەی بڕی مووچە و گرێبەستەکانیشی گوتی: «بەڵێن ٦ملیۆن و ٦٠٠هەزار دینار مووچەکەیەتی، بیلال بە تەنیا ٦٠٠هەزار مووچەکەیەتی و هیچ گرێبەستێکی نییە، ئیسماعیل ئەحمەدیش بەتەنیا ١٣ ملیۆن دینارە، لە بارەی گرێبەستی مەریوان محەمەدیش گوتی: «هیچ زانیارییەکم نییە لە سەر بڕی گرێبەست و مووچەکەی، بەڵام قسەمان لەگەڵی کردووە بۆ ئەوەی ئاستی گۆڵپارێزەکانی یانەکە بەرز بکاتەوە، خۆیشی زانیارییەکی باشی هەیە لەسەر ئاستی گۆڵپارێزەکان و لەگەڵ چەندین یانەی شاری سلێمانی کاری کردووە.



# یانەی ئەکاد لە پایتەخت یاری

راپۆرتی: کارزان کانەبی

**یانەی ئەکادی شارۆچکەی عەنکاوە وەکو بەرنامەی ساڵانەی خۆی بۆ خزمەتکردنی زیاتری یارییە جۆراوجۆرەکانی یانەکەی، بەردەوام لە پێگەیاندنی یاریزانانـدا بووە، تیپی تۆپی باڵەی یانەکەش لە ئاستی کچان هەموو ساڵێك یەکێك بووە لە یانە هەرە بەهێزەکانی خولەکانی کوردستان و عێراق کە بەردەوام لەسەر بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لە کێبڕکێدا بوون، ئەمساڵیش جیاواز لە ساڵان دەستەی راهێنەرانی یانەی ئەکاد بە شێوەیەکی بەردەوام لە هەوڵی دروستکردنی قوتابخانەیەکی پێگەیاندنن بە هێنانی چەندین راهێنەر بەتوانا لە ئاستە جۆراوجۆرەکان بە مەبەستی ئامادەکردنی یاریزانان بۆ ریزەکانی پێشەوەی تیپەکە و بەشداریکردن لە خولەکانی کوردستان و عێراق لە ئاستی کچان، لە بارەی دروستکردنی ئەم قوتابخانەیەش بە پێویستمان زانی لە نزیکەوە مەشقی یا نە کە بەسەربکەینەوە.**

راندی مەتێ راهێنەری تیپی تازەپێگەیشتووان و لاوانی باڵەی کچانی یانەی ئەکاد لە بارەی دروستکردنی ئەم تیپە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «سەرەتای ساڵی ٢٠١٢ کە من وەکو راهێنەر دەست بەکار بووم لە تیپی یەکەم کۆمەڵێك یاریزانی بە توانامان هەبوو، بەڵام دوای ماوەیەك ژمارەیەك لە یاریزانەکانمان بە هۆکاری جیاواز ریزی یانەکانیان بەجێهێشت، بۆیە ئێمە شوێنگرەوەی ئەم یاریزانانەمان نەبوو، لەبەر ئەوە ئەم بیرۆکەمان لا گەڵاڵە بوو کە بتوانین تیپێکی تریش دروست بکەین بۆ ئەوەی وەکو قوتابخانەیەك بێت بۆ دروستکردنی یاریزانانی بەتوانا، لە هەمان کاتیشدا دکتۆر سائیر سەرۆکی یانەکە پشتگیری بیرۆکەکەی ئێمەی کرد بۆ دروستکردنی ئەم قوتابخانەیە بۆ ئەوەی زۆرترین یاریزانان کۆبکەینەوەو مەشقیان پێ بکەین و بتوانین باشترین یاریزانان بهێنین».

لە بارەی کۆکردنەوەی یاریزانانیش گوتی: «ئێمە لە رێگەی مامۆستایانی وانەی وەرزشی لە قوتابخانەکانی شارۆچکەی عەنکاوە ئەم هەڵمەتمان دەست پێکرد و لە هەمان کاتیشدا یاریزانانی تیپی یەکەم هۆکار بوون بۆ کۆکردنەوەی یاریزانان، لەم ماوەیەشدا زیاتر لە ٥٥ یاریزانی تازە پێگەیشتوومان کۆکردەوە، لە کۆی ئەم هەموو یاریزانانەش تەنیا ٣٠ یاریزانمان دەستنیشان کرد و ئاستی تەمەنیان لە نێوان ١٤ ساڵ بۆ ١٧ ساڵە و ئێمە ئەو تیپە





# ـــــــی باڵەی کچان زیندوو دەکاتەوە

وەکو قوتابخانەیەك دروســت دەکەین و بــەردەوام دەبین لە هێنانی یاریزانان».

لە بــارەی وازهێنانی کۆمەڵێــك یاریزانیش لــە تیپەکە راندی گوتــی: «ژمارەیەك لە یاریزانانــی تیپەکەمان ریزی یانەکەیان جێهێشــت بەهۆی شەڕی هەرێمی کوردستان لەگەڵ چەکدارانی تیرۆریستی داعش و بەرەو وڵاتانی دەرەوە رۆیشتن». گوتیشی: «داواکارین لە یەکێتیی ناوەندیی تۆپی باڵەی عێراق و کوردستان کە خول بۆ تازەپێگەیشتووان و لاوان بکەنەوەن، چونکە بەردەوامیی مەشــقی یاریزانان دەبێتە هۆکاری بێزاربوونیان لە وەرزش کردن، کە وادەکات رەنگە ئەوانیشمان لە دەست بچێت، بەڵام ئێمە هەوڵ دەدەین یاریزانان بــەردەوام بن لە یانەکەمان و بۆ تیپی یەکەمیش سەربخرێن».

تیلما ســالم یاریزانی تیپی تازە پێگەیشــتووانی ئەکاد گوتی: «ئەمســاڵ ئێمە بۆ ئەوەی بتوانین ئاستی راستەقینەی خۆمان پێشــکەش بکەین وەکو سەرجەم یاریزانانی تر لێرە درێژە بە مەشق و ئامادەکارییەکانمان دەدەین، هەوڵیش دەدەین ئێمە بەردەوام بین و درێژە بەو ئاستە بەرزە بدەین کە لە رۆژانی مەشقەکان پێشکەشمان کردووە، سوپاســی یانەکەشــمان دەکەین کە بەردەوام لە مەشق و راهێنانین بۆ ئەوەی بەشــداریی خولەکان بکەین و ببینە یاریزانی لێهاتوو بۆ خزمەتکردنی یانەکەمان».

لەلای خۆیــەوە راڤیالا نیهاد کچە یاریزانــی یانەی ئەکاد، بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «سەرجەم یاریزانانی قوتابخانەی تیپی باڵەی یانــەی ئەکاد ئەوپەڕی تواناکانی خۆیان خســتۆتەگەڕ بەئامانجی بەدەســتهێنانی ئەنجامی شایستە لە پاڵەوانێتییەکان، سوپاســی یانەکەشــمان دەکەین کە ئەوان هەردەم لە پشتی ئێمە بوون بۆ بەدەســتهێنانی ئەنجامی شایســتە و پێگەیاندنی ئێمە، داواکاریشین لە یەکێتیی ناوەندیی تۆپی باڵەی کوردستان و عێراق خولی بەردەوامیمان بۆ بکەنەوە بۆ ئەوەی تواناکانی خۆمان پیشانی ئەوان بدەین و ئەوانیش بەردەوام هاوکارمان بن بۆ بەدەســتهێنانی ئەنجامی شایستە لەسەر ئاستی دەرەوەی عێراقیش.

ڤیولێت یوخەننــا، یاریزانێکی دیکەی تیپــی لاوانی ئەکادە و ئەویش لە بارەی یانەکەیانەوە بەمجۆرە رای خۆی دەربڕی: «ئێمە ماوەی یەك ساڵە لە مەشقی بەردەوامداین بۆ بەهێزبوونی ئاستی یاریزانان، دەســتەی راهێنەرانی ئێمەش بەردەوام بە خۆبەخشی لە خزمەتی ئێمەن بۆ دروستکردنی ئێمە و دەستنیشان کردنی تیپێکی بەهێز بۆ یانەی ئەکاد، چونکە یانەی ئێمە بەردەوام پشــتیگری یاریزانان دەکــەن، تەنیا یەك داواکاریمان هەیە، ئەویش کردنەوەی پاڵەوانێتییە بۆ ئاستەکانی تازەپێگەیشتووان و لاوان، لەبەر ئەوەی زۆرمان پێویســتە و چاومان لەوەیە لەگــەڵ یانەکانی تر یاری بکەین و ئاستمان تاقی بکرێتەوە.

